## لەبەر ڕۆشنایی لێدوانەکانی تاڵەبانیدا:
## بۆچی پەکەکە تیرۆریستە؟

مەجید دڵنیا
diyako_8@hotmail.com

لەدوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام و جێگیربوونی پارتی کرێکارانی کوردستان لە چیای قەندیل.تورکیا هەوڵەکانی چڕکردۆتەوە بۆوروژاندنی شەقامی تورکیاو ناوچەکە بۆ دەرپەڕاندنی هێزەکانی پ.ک.ک لە چیای قەندیل.تورکیا دوای ئەوەی چەندینجار داوای لە وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمێرکا کردوە،بەوەی هەڵوێستی جیدی لەبەرامبەر چەکدارانی پ.ک.ک وەربگرێت.

ئەمێرکاش سەرەڕای ئەوەی هەردەم هەڵوێستی خۆی دووبارە کردۆتەوە،بەوەی کە ئەوان پ.ک.ک وەک ڕێکخراوێکی تیرۆرستی دەناسن،بەڵام هەرجارێک بەبیانووی ئەوەی هێزەکانیان سەرقاڵی هێورکردنەوەی ڕەوشی ناوخۆی عێراقن یا

تەنیا کاری سەربازی بە تاکە خیار نابینن پاساو دەهێننەوەو ئەمێرکاش بۆئەوەی شانی خۆی لەژێر ئەوبارە بهێنێتە دەرەوەئەنجامدانی هەرجۆرە کارێکی سەربازی، بە ڕێککەوتن لەگەڵ حکومەتی تازەی عێراقدا گرێداوە.

دەوڵەتی ناسیۆنال شۆفێنی تورکیا،دوای ئەوەی لەکاری سەربازی ئەمێرکا لە ئێستادا دژ بە پ.ک.ک بێ ئومێد بوو،دوای ئەوەش کە ئەمێرکا ڕێگەی ئەوەشی لەتورکیا گرت ،کەلەودیو سنوورەکانی تورکیاوە کاری سەربازی ئەنجام بدات.بۆیەئێستا دەسەڵاتدارانی تورک فشار بۆ سەر کاربەدەستانی کوردو عێراقییەکانیتر دەهێنن تا لەدژی پ.ک.ک هەڵوێستی جدی وەربگرن.وەک ئەوەی عێراق هیچ کێشەیەکیتری نەبێت لە کێشەی پ،ک،ک زیاتر.بەتایبەت لەم چەند مانگەی دواییەدا پەکەکە چالاکی چەکداری دەستپێکردۆتەوە وبەئاشکراش گورزی گورچک بڕیان لە سوپای تورک وەشاندووە.

لەم نێوەندەدا جەلال تاڵەبانی وەک سەرکردەیەکی دیاری کورد لەمەیدانی سیاسی لە کوردستان و عێراقدا،بووەتە دەسکەلایەک بەدەستیانەوەو بەئارەزووی خۆیان بەکاریدەهێنن وبەئەنقەست دەیخەنە مەوقیفەوەو دەیانەوێ گوێبیستی لێدوانی سەرکردەیەکی کورد بن،کەتائێستاش ئەوان بە سەرەک عەشیرەتە کوردەکان ناویان دەبەن.

لەدونیای سیاسەتی کوردیدا تاڵەبانی بەوە ناسراوە،کە چووە هەرکوێیەک بەگوێرەی دڵی ئەو شوێنە قسەدەکات.ئەمە وایکردووە کەمتر قسەکانی لێرەولەوێ جێی بڕواو متمانە بن.گەرچی تاڵەبانی زۆر جار لە تورکیاو دەرەوەش سەبارەت بە ڕەوشی تورکیا وناوچەکەو پ.ک.ک.لێدوانی داوە.دیارە لەهەموو جارێکدا هەوڵی زۆریداوە تا دڵی تورکەکانی لێڕازی بێت،کەچۆتە شوێنێکیتر لێدوانی پێچەوانەی داوەتەوە.ئەم هەڵوێستە دووفاقییەی تاڵەبانی وایکردووە،هەمیشە ناوەندە سیاسیەکان بە گومانەوە لە لێدوانەکانی بڕوانن.بۆیە ڕۆژێک

لەکاتی هەواڵەکاندا کەناڵیی (دی)تورکی بەگەورەیی نووسیبووی(تاڵەبانی کە دێتە  تورکیا مەڕە،کەدەچێتەوەباکوری عێراق دەبێتە شێر)1.هەر لەم هەفتەیەی ڕابردوودا،پەرلەمانی تورکیا کۆبوونەوەیەکی سەبارەت بە کێشەی کورد بەست.لەوێدادەنیز بایکاڵی سەرۆکی جەهەپە ڕەخنەی لە ئەردۆغان گرتبوو بەوەی کە باوەڕ بە تاڵەبانی دەکات،ئەردۆغانیش لەوەڵامدا گوتبووی لە ڕابردووشدا تۆش باوەڕت بە تاڵەبانی کردووە ،بۆ چی ئێستا باوەڕت پێی نییە.کە دیارە مانای باوەڕبوون لای تورک چی دەگەیەنێت!

تاڵەبانی لەم ماوەیەدا چەندین چاوپێکەوتنی ئەنجامداوە.لە تەواوی چاوپێکەوتنەکانیدا کۆمەڵە قسانێکی کردووە،نەک تەنیا سوکایەتین بەخودی خۆی ،بگرە ئەو پەڕی سوکایەتین بە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، کەئەو سکرتێرەکەیەتی و بە میللەتی کوردییش.

لێرەدا من نامەوێت ،تەواوی قسە ئیستیفزازیەکانی تاڵەبانی دژ بە میللەتی کورد بە نموونە بهێنمەوە.پێموایە لێرەولەوێ زۆری لەسەر وتراو نووسرا.بەڵام ئەوەی لای من گرینگە ئەو لێدوانانەی تاڵەبانییەدژی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردە لە باکووری کوردستان و دانانی ئەو بزووتنەوەیەیە بە ڕێکخراوێکی تیرۆرستی. لەدوا چاوپێکەوتنی لەگەڵ ئەردۆغان لە 16-9-05 لە نەتەوەیەکگرتووەکانیشدا هەمان شتی دووبارەکردۆتەوە.

دیارە ئێستا ئێمەی کورد وا ڕاهاتووین ،کە تاڵەبانی سەردانێکی دەرەوەی وڵات یا چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانی دەکات،زۆربەمان دەستمانلەسەر دڵمانە،کەتاڵەبانی لێدوانی خراپ نەدات.بەتایبەت تاڵەبانی لەبەردەم دەسەڵاتدارانی دووژمنانی کورددا،وا خۆی بچوک دەکاتەوە،بەجۆرێک بەدڵی ئەوان قسەدەکات کە هیچی تیا ناهێڵێتەوە.کێشەی تاڵەبانی ئەوەیە کە زۆر قسەدەکات و زۆر جاریش شتەکان بە فشقیات وەردەگرێت.پێشینان ڕاستیان وتووە کە دەڵێن (ئەوەی زۆر بڵێ چاک دەڵێ و خراپیش دەڵێ)، بەسەرنج لە قسەکانی ئەم دواییەی تاڵەبانی قسەی باشی بۆ کورد هیچ تێدانییەو نەک ئەوە، بگرە سەرتاپا قسەکانی سووکایەتین بە خۆیی و تەواوی تەمەنی خۆیی وحیزبەکەشی خستۆتە ژێر پرسیارەوە وسوکایەتی بەهەموو میللەتی کوردییش دەکات.لێدوانەکانی تەواوێک پێچەوانەی خواست و خەونەکانی خەڵکی کوردستانە.سەیرەکە لەوەدایە ئەمڕۆ قسەیەک دەکات لە چاوپێکەوتنێکیتردا ڕەدی خۆی دەداتەوە.بەداخەوە تاڵەبانی ئەوە یەکەم جارو دڵنیاشم دواجار نابێت ،لەبەر چاوی کاڵی دوژمنانی کورد ،سوکایەتی بە میللەتی کورد ئەکات و بەو لێدوانانەیدڵی هەزاران و بگرە ملیۆنان کورد بریندار ئەکات.

تاڵەبانی گوایە سیاسەت دەکات،بەڵام پێبزانێت یا نا بەولێدوانانە بۆ مێژووگەورەترین زیان بەخۆیی و حیزبەکەشی لەداهاتوودا دەگەیەنێت.

بەبڕوای من ئەوەی شانسی داوەتە تاڵەبانی لەئێستادا،کەمتر باجی ئەوقسانە بدات،ئەوەیە کەجەماوەری حیزبەکەی هەموو شتێکی بۆ پینەوپەڕۆ دەکەن وتاڵەبانیش دیارە باش دەزانێت قسە بۆکێ ولەکوێدا دەکات.ئەم قسانەی تاڵەبانی سەنگی مەحەکە بۆ ناهۆشیاری

خەڵک، دەنا تاڵەبانی سەرکردەی هەرنەتەوەیەکی تربا ، لەسەر ئەوقسانەی کە دژ بەمێژوو ،خواستەکانی نەتەوەکەی دەیکات ، دەمێک بوو دەدرایە دادگای خەڵک.هەرئەم نزمی ئاستی ناهۆشیاری جەماوەرەکەی وبەحیزبی بوونی کۆمەڵگەی کوردەوارییەیە وایکردووە،ئەولێدوانەخراپانە کەمتر بەرەنجامی نەگەتیڤیان لەسەر خۆیی و حیزبەکەشی لەئێستادا هەبێت.

هەقە بپرسین باشە تاڵەبانی چ مەجبوورە چاوپێکەوتن لەگەڵ سەران ورۆژنامەنووسانی تورک سازبدات?تا خۆی بخاتە ئەمری واقیعەوەولێدوانی لەوجۆرە بدات.لەکاتێکدا منداڵێکی کورد دەزانێ سەری قسەو بنی قسەی سەرانی تورک ورۆژنامەنووسەکانی ورووژاندنی کێشەی پەکەکەیە.بەڕاستی ئەوئەگەر نییەتی خراپی نییە،دەبێ تابۆی دەکرێ خۆی لەوجۆرە چاوپێکەوتنانە بەدوور بگرێت بەڵام دیارە بەرژەوەندی خۆی وحیزبەکەی نەک میللەتی کورد ئەمڕۆ وادەخوازێت.تاڵەبانی کە دەدوێ لە ئەتاتوورک زیاتر بەندەیی وئیخلاسی خۆی بۆ تورکەکان دەردەبڕێت.بەزۆری زۆردارەکی ئێمە دەکات بە برا بچوکی تورک وئەوانیش بە برا گەورە.بۆ ڕۆژنامەی (ئاکشام)ی تورکی دەڵێت:(شیعە ئێرانی هەیەو سونە دەوڵەتانی عەرەب و ئێمەی کوردیش تورکیامان هەیە).هەرچەندە دڵنیام یەک کوردیش بەم قسەیە ناڵێ ئامین،بەڵام ئەگەر کورد بەتەمای دەوڵەتی تورک بێت دیفاعی لێبکات،دەبێ چاوەڕێ ئەوە بین ئەم زمانەکوردییەی لەم بەشەدا کە سەدان ساڵە دەپارێزرێ ئەوەشمان لێ قەدەغە بکەن.پیشاندانی تورکیا وەک وڵاتێکی دیموکرات و نەسیحەت کردنی پەکەکە بەوەی چەک دابنێن و بچن کاری سیاسی وەک هەر هاووڵاتییەکی تری تورک بکەن.ئەمە ئەوپەڕی کاڵکردنەوەی ڕووی ڕەشی تاوانەکانی تیرۆری دەوڵەتی تورکیایە دژ بە میللەتی کورد لە باکووری کوردستان.

دیقەت بدەن تاڵەبانی دەڵێ وەک هەر هاووڵاتییەکی تری تورک ناڵێ وەک هەر هاووڵاتیەکی تری ناو تورکیا.

سەرنج بدەن کاتێک تاڵەبانی لەگەڵ سەرانی تورک دەدوێ ،چۆن بەشان وباڵی برا تورکمانەکاندا هەڵدەڵێ.ئەوبرا تورکمانانەی هەر بە پیلانی ئەو دەوڵەتی تورکیایەی پشتی پێدەبەستێ، هەرگیز ئامادەنین دانی خێر بە کورددا بنێن.سەرنج لە تەلەفزیۆنی تورکمان ئیلی و حیزبەتورکمانیەکانی بەرەی تورکیا بدەن ڕۆژانە چیمان پێدەڵێن!ڕۆژانە ژەهرو گەناو دژ بە کورد هەڵدەڕێژن.

هیچ سەرکردەیەکی عەرەب ئێستاشی لەگەڵدا بێت بەو ڕاشکاوییەی تاڵەبانی زاتی ئەوەیان نەکردووە بە هیچ بزووتنەوەیەکی کورد بڵێن تیرۆریست.

کەچی تاڵەبانی نەک لەو دەستەواژەیە سڵی نەکردەوە ،بگرە زۆر بەئاسانی و چەندین جاریش دووبارەی کردۆتەوە کە پەکەکە ڕێکخراوێکی تیرۆریستیە.سەرنج لەم شەکرانە بدەن کە تاڵەبانی بۆ ڕۆژنامەی حوڕریەتی تورکی شکاندوونی(بەڕاشکاوی دەڵێم دژایەتی کردنی حکومەتی ئێستای تورکیا،بەمانای خیانەتە بەرامبەر بەگەلی کورد،ئەم کردەوانە

بەکردەوەی تیرۆریستی دژە دیموکراتی دادەنێین...دیسان دەڵێت:ئەوانە عەقڵیان هەبێت، لەسەریانە کردە سەربازییەکان وکردە تیرۆریەکان خێرا بووەستێنن).

سەرباری ئەو قسە ناحەقیانەی تاڵەبانی دژی پەکەکە ،سەرکردە عەرەبەکانی عێراق زیاتر پێ لەسەر ئەوە دادەگرن و دەڵێن ئێمە ڕازی نابین لەخاکی ئێمەوە هێرش بکرێتە سەر وڵاتێکی دراوسێ. ئەوان زاتی ئەوەیان نەکردووە بەکورد بڵێن تیرۆریست.چوون سەرباری دژایەتی ئەوان بۆ کوردو دەوڵەتی کوردی بەڵام لە موعاناتی کورد تێدەگەن وزۆر باشیش دەزانن کورد بەتایبەتی لە تورکیا چ زوڵمێکی لێکراوەو لێدەکرێت،هەمووومان هەڵوێستی سەرۆک قەزافی دەزانین بۆیە پێویست بە هیچ نمونەیەکی قسەکانی ناکات.کەچی تاڵەبانی لەقسەکانیدا ،دەیەوێ سەرۆک قەزافی بەوە تاوانبار بکات، کە ئەوە تەنیا ئەوە داوای دەوڵەتی کوردی دەکات وگلەییشی لێدەکات بەوەی کە بووە بە سەرۆکی عێراق پیرۆزبایی لێنەکردووە...هەرخۆشی دەڵێ چونکە قەزافی حەزدەکات ببم بەسەرۆکی کوردستان نەک عێراق.تاڵەبانی دەیەوێ دەستە چەورەکەی خۆی بە قەزافی بسڕێ وبەو قسانەی دەیەوێ شۆفێنستانی تورک لە دژی قەزافی هانبدات.

خاڵێکی گەش لەخەباتی گەلی فەلەستین ئەوەیە، تائێستا هیچ سەرکردەیەکی عەرەب بە خەباتی خەڵکی فەلەستینیان نەوتووە تیرۆریست.

گەر قەرارە تیرۆر بریتی بێت لەئەنجامدانی کاری توندوتیژی یا ڕەشەکوژی دژ بەتەواوی چین وتوێژەکانی کۆمەڵ،ئەوە کارەکانی هەریەک لەحەماس و جیهادی فەلەستینی دەچنە خانەی تیرۆرەوە.بەڵام پێش ئەوەی ئێمە بەوەها کارێک بڵێین تیرۆر ،پێویستە لەو هۆیانە بکۆڵینەوە کە، وا لە بزووتنەوەیەک دەکات پەنا بۆ کاری لەوجۆرە ببات.ئاخر گەلی فەلەستین خۆی لەبەرامبەر کارە وەحشیەکان و قەسابخانەکانی سوپای ئیسرائیلدا دەبینێتەوە ،تۆ لەبەرامبەر ئاوا هێزێکدا چارت چییە?دیارە بەپێی مەسەلە فیزیکیەکە بێت ،هەموو کارێک کاردانەوەی خۆی هەیە، ،ئەوکارانەی حەماس و جیهاد بێشک کاردانەوەی کارە تیرۆریەکانی سوپای ئیسرائیلە.

لێرەوە ئەم نمونەیە دەقاودەق لەسەر باکووری کوردستان جێ بەجێ دەبێت. 25 ملیۆن ئینسانی کورد،لەکوردستانی تورکیا ڕووبەڕووی دڕەندەترین میللەتی شۆفێنی بوونەتەوە،کەبەهەموو شێوەیەک و بەدرێژایی 80ساڵە ئینکاری بوون وزمان وکلتورو هەمووسیمایەکی کوردانەی دەکرێت و هەوڵی شێواندنی دەدرێت.بەئاگرو ئاسن وەڵامی هەر داخوازییەکی دراوەتەوە.جگەلەوەی پەکەکە بۆ چەندین جار تاک لایەن ئاگربەستی ڕاگەیاندووە،لەبەرامبەردا دەوڵەتی تورک بەهیچ شێوەیەک ئامادە نییە لەگەڵی دابنیشێت.ئەوەجگە لەوهەموو کوشتنی بکەری نادیارانەی کە لەلایەن دەوڵەتەوە ئەنجام دەدرێن.سەدان ڕۆشنبیرو سەرمایەداری کورد بەدەستی بکەری نادیار کوژران کە(موسا عەنتەر)نموونەیەکی هەرە زیندووەو ئێستا، کەس و کارەکەی خەریکی لێکۆڵینەوەن. دەوڵەتی تورک 15هەزاردۆلاری داوەپێیان تاواز لەوکارە بهێنن کەسوکارەکەی بەتەمان ئەم

کێشەیە بگەیەنن بە مافی مرۆڤی ئەوروپا.ئەوکوشتنی بکەری نادیارانە میت و مخابەراتی تورکی لەپشتیەوەن،کە ئەوکارانە تێکڕا بەکاری تیرۆری دەوڵەتی دەناسرێن.نووسینەکانی پرۆفیسۆری تورک ئیسماعیل بێشکچی لەبواری تیرۆری دەوڵەتی تورکیا نموونەی باشن بۆ خوێنەر.

لەبەرامبەر دوژمنێکی وادا ناچاری دەست بۆ هەر شێوازێکی خەبات بەریت.من قەناعەتم بەوە هەیە هەندێکار تەنیا بەشەڕ یەکلادەکرێتەوە.جگە لەوەش پێم وایە کورد بۆ چارەسەری کێشەکەی حەقی خۆیەتی دەست بۆ هەموو شێوازێکی خەبات ببات ،ئەمە ڕەنگە والێک بدرێتەوەکە شەرعیەتدان بێت بە تیرۆر،بەڵام گەر دەوڵەت پابەند نەبێت بە پرەنسیپەکانی شەڕ چۆن بزووتنەوەیەک دەتوانێت پابەندی بێت.گەرچی پەکەکەش وەک هەر حیزبێکیتر خاوەنی هەڵەو کەم وکوڕییەو کاری ناشایستەی لێوەشاوەتەوە،بەڵام ئەمە مانای وا نییە ئەو حیزبە تیرۆریستە.پەکەکە گەر کارێکی نەشیاویشی کردبێت،دیارە کاردانەوەی کارە توندوتیژیەکانی دەوڵەتی تورک بووە،وەک وتم هەموو کارێک کاردانەوەی خۆی هەیە. ڕاستیەکی تر هەیە تورکیا بەهۆیمێژووی ڕەشی ڕابوردووی دەوڵەتێکە دوژمنی زۆرە ،لەناو خۆش دا جگە لەپەکەکە پارتی کۆمۆنیست هەیە ،ئیسلامیە توندڕەوەکان و لایەنگرانی قاعیدە لەو وڵاتەدا دژی دەوڵاتی تورکیا کاردەکەن .بەڵام دەسەڵاتدارانی تورک هەمیشە هەوڵدەدەن بەردی هەموو تاوانەکان لەسەری کورددا بشکێنن.هەمیشە هەوڵیانداوە ،کارەکانی ئەو حیزبە قەدەخەکراوانە بەکەم نیشانبدەن.هەمیشە دەیانەوێ دوژمن بۆخۆیان زیاد نەکەن و واپیشانی خەڵکی تورک نەدەن کە دەوڵەتی عەلمانی تورک دوژمنی زۆرە .لەبەرامبەر ئەوەدا دەسەڵاتدارانی تورک وهۆیەکانی ڕاگەیاندنیان،

بەردەوام هەوڵیانداوە چی لەناو تورکیا ڕوودەدات ،بەوانەشەوە کەخۆیان دەستیان تێداهەیە، بیدەن بەشانی پەکەکەو میللەتی کوردی پێ تاوانبار بکەن وواپیشانی خەڵکی تورکی بدەن کە کورد گەورەترین هەڕەشەن بۆ دەوڵەتی تورکیا ،لەوڕییەوە هەمیشە هەوڵی وروژاندنی شۆفێنیستانی تورکیان داوە دژ بە میللەتی کوردی بێدەسەڵات .نموونەی لەو بابەتە زۆر زۆرن ،چەندین جار دەوڵەت بەفیتی میت و قوروجی خەڵکی گوندەکانیان شەهید دەکردوو دەیان وت پەکەکە کوشتوونی .جارێکیان کۆمەڵێک لە خەڵکی گوندەکانی کوردستانی تورکیا دەچن بۆ لای تانسۆ چیللەروپیی دەڵێن فڕۆکەکانی ئێوە گوندەکەمانی بۆردوومان کردووەو خەڵکی گوندیان کوشتووە ،کەچی تانسۆ چیللەرزۆر بێشەرمانە وتبووی ئەوە فڕۆکەی ئێمە نییە فڕۆکەی ئێمە کاری واناکەن، ئەوە فڕۆکەی پەکەکەیە وا لە ئێوە دەکات بڕۆن حەقی خۆتان لە پەکەکە داوابکەن(2).لەنەوەدەکاندا 11هاووڵاتی گوندێکی دەورووبەری دیاربەکر دەکوژرێن مەحکەمەی ئەوسای شارەکە ئەوتاوانەی خستە ئەستۆی پەکەکە،کەچی پێش ماوەیەک مەحکەمە جارێکیتر بەو کێشەیەدا چۆتەوە سەرەنجام سوپای

تورک لەوکارە تاوانبارکراوە، نەک پەکەکە(3).ئەمە مشتێکە لەو خەرواری تاوانانەی دەوڵەتی تورک بەرامبەر بەکوردانی باکوورئەنجامیان داوە.
کەچی لەم ڕاستایەدا، جێگەی داخە خەڵکانێک بێ ئەوەی ئاگاداری هیچ بن وەک توتی یان هەرلەبەر بەرژەوەندی حیزبی ڕقیان لە پەکەکەیە، زۆر بەسادەیی دەڵێن پەکەکە تیرۆریستە.باشە ئەگەر خۆمان وا بەحیزبێکی کوردی بڵێین جائیتر لۆمەی تورک و بەرەی تورکمانی وخەڵکانی تر بۆ بکەین!
کۆمەڵەی نەتەوەکان لەکۆنگرەی لوتکەدا لە17-9-2005دا، لەسەر مەسەلەی تیرۆر نەگەیشتنە هیچ پێناسەیەکی دیاریکراو، چوهەر لایەک دەیەویست بەلای خۆیدا دایشکێنێ.عەرەبەکان داوایان کردووە، خەباتی گەلی فەلەستین، بە تیرۆر دانەنرێت.ئەمێریکاش داوایکردووە کەکارە سەربازیەکانی وکردەوەکانی سوپای ئیسرائیل بە تیرۆر دانەنرێت.لەگەڵ دونیای گلۆبالیزمدا هەموو شتەکان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، ئەوە چ دونیایەکە خەباتی ڕزگاری خوازی گەلان بە تیرۆر دابنرێت؟.بۆیە ئەمڕۆ هەرکەس بەپێی بەرژەوەندیەکانی خۆی تیرۆر پێناسە دەکات.
کەواتە سەیر نییە تاڵەبانی کە دەڵێ پەکەکە تیرۆریستە، ئەو زۆر باش دەزانێ  پەکەکە تیرۆریست نییە، ، بەڵام  ئەمڕۆ بەرژەوەندی خۆی و حیزبەکەی وادەخوازێ، ئەو قسانە بکات.گەرچی ئەمە هەرگیز پاساو نییە، هەموو ئەو قسانەش بۆ  ئەوەیە بتوانن لەسەر خوێنی ملیۆنان کورد، دەوڵەتی تورک ئاوڕێکیان لێبکاتەوەو ئیمتیازێکی زیاتریان پێبدات.
ئەتاتورک کاتی خۆی دوای ئەوەی شۆڕشی کوردی لە باکووری کوردستان سەرکوت کرد، ئەو کوردە خۆفرۆشانەی کە یارمەتییان دابوو، لە ملی هەموویانی دا.پێی وتن (ئێوە وەفاتان بۆ گەلەکەی خۆتان نەبێت، سبەی وەفاتان بۆ منیش نابێت).پێم وایە ئەتاتورک لەم بۆچوونەدا بەهەڵە چووە، چوونکە لە دەورانی مێژوودا، زۆرجار پیاوماقوڵ و سەردارانی کورد بوونەتە سەگی بەوەفای دوژمنان .بۆیە سەیر نییە شەمعون پارێتری ئیسرائیلی ڕاستی بە کورد وتووە کە دەڵێ(کلب وفی لغیرە، قرد لئیم لنفسە)لێرەوە من ئەو لێدوانانەی تاڵەبانی بە پێشینەو ڕێخۆشکردن بۆ شەڕێکی تری کورد بە کورد دەزانم.لە ئێستاوە ئەو لێدوانانە هەوڵدانێکەبۆ شەرعیەتدان بە شەڕێک، کە ڕەنگە لە داهاتوویەکی نزیکدا دژ بە پارتی کرێکارانی کوردستان ئەنجام بدرێت.جگەلەوەش دانانی پەکەکە بە تیرۆریست لای تاڵەبانی مانای وایە حەق دەدات بە تورکیا هێرشی سەربازی بکاتە سەر مۆڵگەکانی پەکەکە لەهەر کوێیەک بن، بە بناری قەندیلیشەوە.
دەبێ تاڵەبانی و هاوسەنگەرانی و هەر سەرکردەیەکی کورد ئەو حقیقەتە باش بزانن، گەر ئەمڕۆ فشار لەسەر ئەوەیە کە پ.ک.ک لە ناوببرێت، بەڵام بەدڵنیاییەوە سبەی ڕۆژ نۆرەی ئێوەش دێت.گەر ئەمڕۆ بە پیلانی ئێوەو دەوڵەتی کورد کوژی تورکیا ، بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد لە کوردستانی باکوور شکست بخوات، سبەی بە پیلانی نێودەوڵەتی و دەوڵەتانی ناوچە ئەو هێلانەیەی دروستتان کردووە تەخت وتاراجی خاپوور دەکرێت.

ئەوەشی بەوکارە هەستێت، گەورەترین مێژووی ڕەش بۆ خۆی تۆماردەکات.
من بە پێچەوانەی لێدوانەکەی تاڵەبانی دەڵێم :بەشداریکردن لەهەر شەڕێک، دژ بەهەر بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی گەلی کورد، لەهەرپارچەیەکی کوردستان، گەورەترین خیانەتە بەرامبەر بەمیللەتی کورد.دەبێ خەڵکی کورد لە ئاستێکی هۆشداری وادابن، بە پیلانی دوژمنان ، ڕێگە بە دووبارەکردنەوەی هیچ شەڕێکی کورد بە کورد نەدەن.

25-9-2005

---


سەرچاوەکان:
ئازاد محەمەد، ئاوڕدانەوەیەک لە مێژووی تورکیاودوایین هەڵوێستی پارتی ویەکێتی، کوردستانی ئیمڕۆ، ژمارە25، ساڵی2003لاپەڕە11.1-
هەمان سەرچاوە. 2-
سایتی پەیامنێر، بەداخەوە رۆژەکەیم لەیاد نییە، بۆ ڕاستی دەتوانی بە ئەرشیفی سایتەکەدا بچیتەوە.3-
بۆقسەکانی تاڵەبانی تکایە بە چاوپێکەوتنەکاندا بچۆرەوە.ا-چاوپێکەوتنەکەی رۆژنامەی ئاکشامی تورکی لەکوردستانی 4-
نوێ ژمارە3708ی رۆژی27-6-2005بڵاوکراوەتەوە.
ب-چاوپێکەوتنەکەی رۆژنامەی حوریەت، لە6-9-2005لەبەشی عەرەبی پ.یو.کەی-میدیا بڵاوکراوەتەوە.بۆچاوپێکەوتنەکەی کەناڵی العربیەش بە ئەرشیفی عەرەبی هەمان سایتی یەکێتیدا بچۆرەوە.
-